رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:29 23-4-2007

# کی لە ئاست بەردبارانکردنی دوعا بە چۆکدا نایەت؟؟؟ (خوایە گیان دوعات لێ دەکەم پێغەمبەرێکمان بۆ بنێری تاوەکو تۆڵەی دوعای دڵ پڕ لە سۆز بکاتەوە) !!!! ... هێمن مەلازادە

2007/4/23

وێنەی دوعا بەر لە دەرچوونی گیانی پاکی


1

رۆژی 2007/4/7 لە شارەدێی بەعشیقە هەندێك گەنجی ئێزیدیی، بە لەخاچدانی کیژۆڵەیەکی دڵ پڕ لە ئەوین و سۆز خوایان تووڕە کرد. لە کوردستانەکەی من تا ئێستاش وەك قورەیشییەکانی مەککە کچان زیندە بەچاڵ دەکرێن، بە تەنها لەبەر ئەوەی خۆشەویستی لەگەڵ کوڕێکدا دەکات، ئەوەتا لە باشیك گەورەترین زوڵم لە کیژۆڵەیەکی تازە پێگەیشتو و دڵ پڕ لە ئەوین دەکرێت، لە کوردستانە پڕ لە خەم و ئازارەکەی من رێزی ئاژەڵیش ناگیرێت نەك مرۆڤ، لە کوردستانەکەی من تا سەر ئێسقان عەشق لە سێدارە دەدرێت!!!

وێنەیەکی دیکەی دوعا


2

دوعا گیان دەزانی کاتێك کە بە دار و بەرد و بلۆك لەسەر و سینگ و پشتیان دەدای بۆ هاوارت دەکرد و دەگریای؟ چونکە کەسێك نەبوو پێغەمبەرێك نەبوو بە هانات بێت، کەسێك نەبوو تۆزقاڵێك بەزەیی پێتدا بێتەوە و فرمێسکی چاوەکانت بسرێت، بەڵام قەینا کە من وێنەکانی تۆم بینیی گریانم هات و خۆشەویستەکەم فرمێسکی چاوەکانمی سری و بەڵێنی پێدام کە لەسەر رێبازی تۆ بەردەوام بێت. دوعا گیان خەفەت مەخۆ لە کوردستانەکەی من ژیان ئاوایە، بەڵام لە کوردستانەکەی بەهەشت مافی تۆ، خۆشەویستەکەت بۆت دەسەنێتەوە، دوعا گیان لە دونیادا نەیانهێشت بە هێمنیی لە سەر سینگی خۆشەویستەکەت بخەوی، دڵنیابە زەوی بە رەحمترە لە و بکوژە بێویژدانانەت!!!

بنوو بنوو بە هێمنی بۆخۆت بخەوە، دەزانم دەیانویست زەویشت لێ قەدەغە بکەن.

دوعا گیان خەفەت مەخۆ لە کوردستانەکەی مندا تۆ یەکەم شەهیدی رێگای عەشق نیت و دوایین شەهیدیش نابیت، ئەوەتا مەم و زین ئەوەتا خەج و سیامەند ئەوەتانێ شیرین و فەرهاد، هیچ خەم مەخۆ تۆ لە دوایین ساتەکانی ژیانیشت هەر دڵت پڕ لە سۆز بوو، دڵنیابە رۆژێك دادێت لە ژێر ساباتێکی تژی لە سۆز و لە باوەشی عەشقە دڵ پڕ لە سۆزەکەت چاوەکانت لێك بنێیت و بە خۆشەویستەکەت بڵێی غەدریان لێکردم. خۆ من و خۆشەویستەکەشت دەزانین غەدریان لێکردی، دەزانین بە ناحەق رۆحیان لە لاشەت وەدەرنا، دەزانین هێشتا رۆح لە جەستەتدا مابوو کاتێك دەستت بە چاوەکانتەوە گرتبو و تکات لێ دەکردن ئەگەر دەشم کوژن بەرد بارانم مەکەن، دەزانین کە لەگەڵ بەرکەوتنی یەکەم بلۆك بۆ سەر سەرت خوێنی پاکی نێو جەستەت کەوتە سەر زەوی و بە وەحشییانە ترین شێوە بە شاپ و پێلەقە تێیان هەڵدای؟ دەزانین بە جلی سوورەوە شەهیدیان کردی بەو جلانەی کە یەکەم ژوانت لەگەڵ خۆشەویستەکەت پێ بەسەر برد و هەر بەو جلانەش بەرەو ژوانێکی دیکە وەرێ کەوتی، خوات لەگەڵ بێت ئەی نازەنین، ئەی فریشتە زوڵم لێکراو!!! دەزانین کاتێك لەسەر زەوی درێژیان کردبووی تکات لێیان دەکرد ئازارت نەدەن، دەزانین بە بەرچاوی هەموو خەڵکەوە گەورە و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 20:29 23-4-2007

بچووك و پیرەمێرد و پیرە ژن و منداڵ و کچان و کوران و دراوسێکانتەوە بە بەرچاوی دەستە خوشکەکانتەوە لە خاچیاندای. دەزانین کاتێك دەتویست جەستەی خۆت داپۆشیت بە دەستەکانت بەردیان لە دەستەکانت دەگرت و هاواریان لەسەر دەکردی و بە بلۆك لەسەریان دەدای.



وێنەی دوعا کاتێك بە بلۆك لێی دەدەن

ئەرێ دوعا گیان هەستت بەچی دەکرد کاتێك ئەو هەموو بێویژدانە دەوریان دابووی؟ ئەرێ داوات نەکرد بەرپرسانی مافی مرۆڤیش بەدیار بەرد باران کردنتەوە پێبکەنن؟ ئەرێ ئەو کۆمەڵگایەتان هێشتی لە مانای عەشق بگەی؟ ئەرێ هێشتیان تێر بۆنی خۆشەویستەکەت بکەیت؟ ئەرێ هێشتیان ئەگەر بۆ ساتێکیش بێت لە باوەشی پشوو بدەی؟ ئەرێ هێشتیان گوڵەکانی وەرزی بەهار تێر بۆن بکەی؟ ئەرێ هێشتیان بە دەستە خوشکەکانت بڵێی ماڵئاوا ئیتر ناتانبینمەوە؟ ئەرێ هێشتیان بە دایکە جەرگ سووتاوەکەت بڵێی تووخوا دایە گیان مەهێڵە ئەو خوێن ڕێژانە بەرد بارانم بکەن؟ ئەرێ هێشتیان باوکت لە دوای ڕۆح دەرچوونت ماچت بکات؟ دەزانم تەمەننای ئەوەت دەکرد کە لەو ساتەدا خۆشەویستەکەت لە دیارت بوایە و پێش ئەوەی گیانت دەربچێت بۆ یەك چرکەش بێت پێی بڵێی خۆشم دەوێی... یان تەمەننای ئەوەت دەکرد نەیبینیت نەوەك خۆشەویستەکەت دڵی توند بێت و تۆش زیاتر ئازار بچێژیت؟ دەزانم تۆ بە وەفا بووی بەرامبەر




خۆشەویستەکەت ئەگەرنا بەرد بارانیان نەدەکردی!! دوعا گیان ئەی کۆترە لانەوازە زیندانی کراوەکە دەزانم دەتویست بە ئازادی بخوێنی و هەر ڕۆژەی چیلکە دارێك بۆ هێلانەکەت بەریتەوە و ماڵە پڕ لە ئەوینەکەت ڕازاوەتر بکەیت.

ئەی کوا ویژدان بەرپرسانی مافی مرۆڤ؟؟

دوعا خان من وا ئێستا کە سەیری وێنەکانی دواین ساتی ژیانت دەکەم بۆت دەگریم و تکا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم بکوژانی دوعا بە حەقی خۆیان بگەن، بۆ ئەوەی گیانی دوعا ئاسوودە بێت؟ هەروەها تکا لە بەرپرسانی مافی مرۆڤ دەکەم کەوا گیانی خۆشەویستەکەی دوعا ڕزگار بکەن و بەو دەردەی جوانەمەرگی نەبەن، منێك کە نەتوانم لە بەرامبەر وێنەکانی شەهید بوونت خۆم ڕاگرم ئەی ئەو بێویژدانانە چۆن توانیان لەکاتی فرێدانی بەردەکانیان بۆ سەر جەستە پڕ لە سۆزەکەت پشکە خوێنەکانت بەر جەستەیان بکەوێ و تۆزقاڵێك بەزەییان پیاتا نەیەتەوە ... . ؟؟؟

دوعا گیان تکایە وەڵامم مەدەرەوە، تاکو ئەو بێ ویژدانانە بە سزای خۆیان دەگەن؟

Malazada83@gmail. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.